# شەهیدان .. سەروەرانی گەل و نیشتیمان
# تێکەڵ مەکەن لەگەڵ جاش و خۆفرۆشان!

**ئەمڕۆ زیادتر لە هەر سەردەمێکی تر ، کاتی ئەوە هاتووە کە بەرپرسانی دوو حیزبدەسەڵاتەکەی کوردستان ، بە خۆیاندا بچنەوە و ئاوڕێک لە کاروانی شەهیدانی گەل و نیشتیمانەکەیان بدەنەوە!**
**ئەگەرچی سەدان بنەماڵەی شەهیدان پشتگوێخراون و مافیان خوراوە و سەدان پێشمەرگەی دێرین و زیندانییانی سیاسی ، کەس لایان لێ ناکاتەوە! بەڵام دانیان بە خۆیاندا گرتووە و بە ناچارییش تا ئەمڕۆ هەر بێدەنگییان هەڵبژاردووە.**

**ئەمڕۆ کە ناوی شەهیدان ، پێشمەرگەی دێرین و زیندانییانی سیاسی لە هەمان لیستدا تێکەڵئەکرێت لەگەڵ ناوی جاش ، سیخوڕ ، خۆفرۆش ، ئەنفالچی و بەعسییدا ، ئیتر هیچ سەروەرییەک بۆ ئەو شەهید و پێشمەرگە و قوربانییدەرانە نامێنێتەوە و هیچ کەسێکی بەویژدان ناتوانێت لەوە زیادتر بێدەنگ ببێت!**

**ئێمە هەر وەک لە سەرەتای دروستبوونمانەوە داوامانکردووە ، ئەمڕۆش بە توندیی داوائەکەین و دەنگیشمان ئەخەینە پاڵ دەنگ و هاواری خێزان و بنەماڵەی شەهیدان ، پێشمەرگە دێرینەکان ، زیندانییانی سیاسی و ناوەندی (چاک) و هەموو ئەو جەماوەرەی کە دژی ئەو کارە ناڕەوایەن ، داوائەکەین کە بە هیچ جۆرێک و لە هیچ بۆنە و بوارێکدا ، ناوی سەروەرانی گەلەکەمان تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ ناوی جاش و خۆفرۆشاندا.**

**سەربەرزیی و نەمریی هەر بۆ سەروەرانی گەلە و**
**سەرشۆڕییش بۆ جاش و خۆفرۆشان**

## پارتی چەپی کوردستان
2007-10-13